www.kurdistannet.org
4-10-2005 22:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سیخوڕە نێودەوڵەتییەکانی کورد پاڵنەریان هەیە ... جەمال فەتاح



سیخوڕێکی نێودەوڵەتی بەناوی د-کەمال سەید قادر بەپاڵنانی نەیارانی نەتەوەکەمان وراوەی زۆری کردوە بۆیە پێم باشە وەڵامێکی بەپێزی ڕاستەقینە بەم سیخوڕە دەرون نەخۆشە بدەمەوە. هەرچەند ئەوجۆرە کەسەدەرون نەخۆشانە کەتوشی نەخۆشی دەرونی بوون شایانی ئەوەنین کەمرۆڤ خۆیان پێوەماندوو بکات بەڵام لەبەر ئەوەی سایتی ئیتلاعاتپۆست و تاهیر ساڵحی سیخوڕی میتی تورکیا شانازی بەم سیخورە نێودەوڵەتیە کردبوو بۆیە پێم باشە وەڵامێکی پڕ بەپێستی هەردوو کەڵەسیخوڕ بدەمەوە.

سەرەتا. لەوەتای نیشتمانەکەمان شەقارشەقار کراوەو چوار مێخەکێشراوەو زنجیرکراوە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان هەوڵیانداوە کۆتوزنجیر بپسێنن ووەڵامی گورچوبڕی داگیرکەران بدەنەوە دوژمنانیش جگەلەوە لەقڕکردن وکوشتارمان درێغیان نەکردووە بەهەموشیوازێکی نامرۆڤانەو دور لەنەریەتی مرۆڤ هەوڵیان داوە بەدڕندانەترین شێوەو ناشرینترین ئاکارو دزێوترین ڕەوشت دژایەتی گەلەکەمان بکەن.

بەتایبەتیش لەوەتای لەپارچەیەکی کوردستاندا کورد توانیویەتی تروسکاییەک بۆسەربەستی نەتەوەکەمان هەڵبکات نەیارانی کورد بەگشتی ودوژمنانی نەتەوەکەمان بەتایبەتی کەوتونەتە خۆیان وبەڕاستو بەچەپدا هەوڵ ئەدەن ئەوتروسکاییە لەوبەشەی کوردستاندا خامۆشبکەن.

بۆئەوخامۆشکردنەش پەنایان بۆ زۆرشتی نهێنی وئاشکرابردووە. یەکێک لەودژایەتیانە کەدوژمنان پێی هەڵساوە پەنابردنە بۆجاسوسە نێودەوڵەتیەکان کەبەناو کوردن بۆلەکەدارکردنی کەسایەتیە خەباتگێڕو سیاسیەکانی کورد. نمونەی زۆر نزیکیش بۆسەلماندنی ئەو ڕاستیانە ڕەفیق پشدەری سیخوڕ و د-کەمال سەید قادری سیخوڕی نێودەوڵەتیە. ئەمە سەرەڕای دروستکردنی چەند ئۆرگانێکی ڕاگەیاندنی سیخوڕی وەک نمونەی کوردستان پۆست کەئیتلاعاتپۆست پڕبەپێستیانە کەکۆمەڵێک سیخوڕی نێودەوڵەتی تێدا کۆکراوەتەوە ودژی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و کەسایەتیە شۆڕشگێڕە کانی.

دیارە بەدرێژایی مێژوی خەباتی گەلەکەمان دوژمنان وداگیر کەران بەهەر جۆرەشێوازێک هەوڵیان داوە بۆکپکردنی دەنگی کورد بەشێکی زۆر لەوهەوڵدانانەیان لەڕیگای خودی کوردەوەبووە. بۆنمونو لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەدا هەشتای پیاوانی کورد لەکوردستانی باشوردا جاشوسیخوڕ بوون بۆ داگیرکەران بەتایبەتی بۆڕژێمی بەعسی فاشستو ڕەگەزپەرست. ئیتر چۆن ئەبێت چاوەڕوان نەکەین کەنەک یەکو دوو دە سیخوڕ بەڵکوچاوەڕوانی سەدان وهەزاران سیخوڕی دیکەشین کەبێتە مەیدانمان ودرۆبوختان

بۆسرکردایەتی سیاسی کوردو خەڵکانی خەباتگێڕی نەتەوەکەمان هەڵبەستن وپرۆژەی هەردەم تێکشکاوی دوژمنانی نەتەوەکەمان جێبەجێ بکەن سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەو پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردی کردووە لەدروست بوونیەوە هەتا ئێستاشی لەگەلدابێت.

دیارە ئەوکەسانەی لەواتای شۆڕش وشۆڕشگێڕی گەشتبن ئەزانن کەبەشێکی هەرەگرنگی شۆڕش دبلوماسیەتی شۆڕشە لەگەل وڵاتان ودۆستانی گەلانی شۆڕشگێڕ بەتایبەتیش وڵاتانی زلهێز کوردیش کەلەکوردستاندا شۆڕشی کردووە لەکاتێکدا هەرچواردەوری بەدوژمنانی دڕندەو سەرسەخت دەورە درابوو لەهەمانکاتدا یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش جگەلەوە کەنزیکترین زلهێزی ناوچەکەی ئێمەبوو لەهەردووبەشی کوردستانی خۆرهەڵاتو کوردستانی باکورەوە هاوسنور بوو لەگەل کورد، هەروەها دوژمنی شۆڕشی کوردستانی باشور ڕژێمی بەعس بوو کەخۆی ناونابوو پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب ئەوسەر دەم یەکێتی سۆڤیەتیش بەناو قەڵای ئەوجۆرە سۆشیالزمانە بوو. بەکام پێوەر کورد ئەتوانێت لەوهەرێمەدا شۆڕشبکات وپرسی یەکێتی سۆڤیەتی تێدا نەبێت یان پەیوەندی دبلوماسی وڕامیاری لەگەل یەکێتی سۆڤیەتدا نەبێت. ئەمەش دیارە پەیوەندی شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان لەگەل هەر دەوڵەت ولایەنێک پەیوەندی سیاسی ودبلوماسیەو تەنها بۆبەرژەوەندی کورد بووەو هیچیتر. لەلایەیەکیتر ئەم کەڵەسیخوڕانەش لەو ئاستەدانین تاکومن بچمە ناو درێژەی ئەوپەیوەندیەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران وشۆڕشی کورد بەڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وبەسەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕۆژی دادگایی کردنی ئەم سیخوڕە تاوانبارانە من ئەتوانم لەبەردەمی دادگا پەیوەندیەکانی شۆڕشی کوردو یەکێتی سۆڤیەتی جاران زۆر بەوردی ولەسەر خۆیی لەچاوتان بچەقێنم نەک جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، ئەوپەیوەندیانەش پەیوەندی سیاسی دبلوماسی شۆڕشی نەتەوەیەکە لەگەل وڵاتێکی زلهێزی وەکو یەکێتی سۆڤیەتی جاران. پارتی وشۆڕشی کوردیش چەندین نوێنەری هەبووە لەیەکێتی سۆڤیەت ویەک لەدوای یەک گۆڕاون وبەشێکی زۆریش لەو نوێنەرانە ئێستا ماون لەژیانداو ئامادەن تحدای ئێوەی جاسوسی نێودەوڵەتی وهەر کورتەباڵایەکیتر ئەکەن وئەگەر ئێوەی بوودەڵە هاتنە بەردەمی دادگای کورد ئەوکاتە بەشێک لەوانیش ئامادەی ئەو دادگادەبن و دەستی داد پەروەرانەیان بەچاوی شۆڕتاندا دەکەن. لەلایەکیتر ئەوە تەنها لەفەرهەنگی سیخوڕێکی نێو دەوڵەتی وەک ئێوەدایە کەخەباتی دبلوماسی شۆڕشێکی ڕزگاری خوازی بەسیخوڕی لەقەڵەم بدەن.

پێویستە ئاماژەبەوەبکەم کە ئەم سیخوڕە نێودەوڵەتیە لەوڵاتی نەمسا ئەژیەت، لەسەرانسەری هەموئەوروپادا دەسگا سیخوڕیەکانی وڵاتی نەمسا بەهێزترین دەسگای سیخوڕین وە تاکە وڵاتی ئەوروپای خۆرهەڵاتە کەداوای لەگشت کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی نەمسا کردووە کەپێویستە پەیوەندی سیخوڕیتان لەگەل دەسگا سیخوڕیەکانی نەمسادا هەبێت. بۆسەلماندنی ئەم ڕاستیەش، بڕواننە پەڕتوکی (سیخوڕی بەئامێری سیخوڕی ولێکۆڵینەوە لەمێشک وپاراسایکۆلۆجی) زانیاری دەربارەی سیخوڕی لەسەر کورد لەوڵاتی نەمسا لەنوسینی ڕێزدار ئاماژ جاف لەساڵی 2000 دا.

د-کەمال سەیدقادری سیخوڕ بەدان پێدانانی خۆی باس لەوەئەکات کەگەورە سیخوڕانی ئیسرائیل وڕوس چۆن هاتونەتە لای. دیارە ئەوەی سەرەواوێک زانستی لەسکدابێت یان بەتایبەتی لەئەوروپا ژیابێت زۆر چاک ئەوە ئەزانێت کە دەوری مخابەراتی وجاسوسی

چەند نهێنی وداپۆشراوە بەتایبەتی دەسگا مخابەراتی وسیخوڕییەکانی ئیسرائیل. ئەم پیاوە بەرزە ئەڵێت. کەواپێش چەند ساڵێک یارمەتی یاساییم پێشکەش بەکچێکی میسری کردوە کەوا لەلایەن فەرمانبەرێکی سەفارەتی ئیسرائیل لەڤیەننا بەزۆرکرابوو بەجاسوس. خوێنەرانی خۆشەویست وتی دووکەس بەشەڕهاتن یەکێکیان بەویتری وت ئەوە دایکم دایکتی لەفاحیشەخانە بینیبوو ئەوەی بەرانبەری وتی جائەگەر دایکت فاحیشە نیە چیدەکرد لە فاحیشەخانە هەتا دایکی من ببینێت. بەڕاستی سەیرە دکتۆر سیخوڕ ئەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی کێ ئەگەر جەنابت جگە لەسیخوڕی نێودەوڵەتی سیخوڕی ئیسرائیلیش نەبیت چۆن جاسوسێکی ئیسرائیلت ناسی وەچۆن ئەوجاسوسە بۆتۆئاشکرابوو؟؟؟!!!.

لەبڕگەیەکیتری کاڵفامیەکەیدا دکتۆرسیخوڕ بەدەمی خۆی دیموکراسی بوون وڕاستی خوازی مەسرور بارزانی دووپات دەکارتەوە وئەڵێت. لەبەهاری 2000من بەکاک شوانم وت کەوا ئامادەم کاک مەسرور بارزانی ببینم هەمووتۆمەتەکان دووبارەبکەمەوە کەچی کاک شوان پێی ڕاگەیاندم کەوابەڕێز مەسرور بارزانی دەڵێت هەرچی لەسەر ئێمە نوسیوەڕایخۆیەتی وە ئێمەڕێگا لەئازادی ڕادەر بڕێن ناگرین وەهیچ هەنگاوێکی یاساییش ناهاوێژین دژی.

خوێنەرانی بەڕێز ئەم سیخوڕە ناشیرینە ئەو وەڵامە پڕلەهەستی دیموکراسی ومرۆڤانەی مەسرور بارزانی بەهەڵەو لاوازیی لەقەڵەمداوە. سەرەڕای ئەوگشت درۆوبوختان وهەڵبەسراوانە کە ئەم سیخوڕە قیزەونە بەفەرمان وپاڵپێوە نانی دوژمنانی نەتەوەکەمان کەدژی سەرۆک مەسعود بارزانی وکاک مەسرور بارزانی وبنەماڵە خەباتگێڕەکەیان کەزیاتر لە 170 ساڵە بنەماڵەی پیرۆزی بارزانی خۆیان تەرخانکردووە بۆسەربەستی نەتەوەکەمان وقوربانی بۆئەدەن بەشاهیدی مێژو ومێژونوسان وڕوناکبیرو شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمان بەگشتی. کەچی دکتۆر سیخوڕ ئەو هەڵوێستە نیشتمانیە جوامێرانەیەی مەسرور بارزانی بەلاوازیی ئەژمێرێت. هەموشمان باش ئەزانین هێزوتوانای مەسرور بارزانی وپارتی دیموکراتی کوردستان کەمەسرور ئەندامی مەکەتبی سیاسیەتی چەندەو هێزو توانای جاسوسێکی بێنرخی وەکو دکتۆر سیخوڕ چەندە. بەڵام جیاوازی کاک مەسرور و دکتۆر سیخوڕ ئەوەیە مەسرور پەروەردەی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی خاوەن ئەدەبەو سەید سیخوڕیش دەستەمۆی سەفارەتەکانی بێگانەو دەسگا جاسوسیەکانی ئیسرائیل ونەمساو روسو هەرچوار سەفارەتی تورکی وئێرانی وسوری وئێراقی سەدام حسەین وهتد..

لەلایەکیتر ئەبێت ئامازەبۆئەوەبکەم کەوڵاتی نەمسا تورکێکی زۆری تێدایەو تورکەکان زۆربەی هەرەزۆریان تورکی ڕەگەزپەرستن وجاسوسی بۆوڵاتی تورکیا ئەکەن وهەندێکیان زۆر دەوڵەمەنندن وهیچ دوور نیە پارەیەکی یەکجار زۆریان بۆ سەید سیخوڕ تەرخانکردبێت تاکو ئەو وتارەیان بۆبنوسێت وشاخ بگیرێنێتە کەسایەتی بەرزی جەنابی کاک مەسعود بارزانی. وەمن هەڤاڵێکم لەڤیێەنا پەیوەندی لەگەل گرتم ئەم ڕۆ هەندێک هەواڵی دامێ لەبارەی دکتۆر کەمال سیخوڕ کەلێرەدا یەک دووبڕگەی بۆخوێنەران ئاشکرائەکەم. ئەگەر مەوداش هەبێت لەنامیلکەیەکی تایبەتدا باسی سیخوڕی ئەو سیخوڕەوسیخوڕەکوردەکانی ترتان بۆئەکەم. ئەوهەڤاڵەم ئەڵێت بەدکتۆر سیخوڕبڵێن لەڕۆژی 2002/4/21 لەکاتژمێر 11:20 دەقەی سەرلەبەیانی لەئیستگەی (ڤێست بانهۆف) لەشاری ڤیەنا لەگەل دووپۆلیسەنهێنییە باڵابەرزەکەدا ڕاوەستا بوولە گۆشەیەکی ستەیشنەکە ئەوە باسی چیو تەگبیری چیتان ئەکرد. ئەمە نمونەیەکی زۆرزیندووە بۆجاسوسی جەنابت کەڕۆژی داد گایی کردنت ئەوهەڤاڵەش ئامادەیە ڕووبەڕووت ببێتەوە. لەشاری شتایەری نەمساو لەلای پۆلیسی نهێنی قەڵەمەژەهراویەکەت دابوو لەدکتۆر ک. د. و درۆو بوختانت بۆهەڵبەستبوو تافەقیرە دوای چەند جار بانککردن لەلایەن پۆلیسی نهێنیەوە لەشتایەر ناچاربوو نەمسا

بەجێبێڵێت وبچێت بۆئەڵمانیا. ئەمانە دوونمونەی سیخوڕی دکتۆرسیخوڕ بوون. بۆیە ناوی ئەوبرادەرەم بەتەواوی نەنوسیوە چونکە ئەزانم نوسراوەکەی من کۆپی ئەکەیتو ئەدەتەوە بەپۆلیسی ئەڵمانیا تالەوێش جێگەی پێلەق بکەیت هەروەهالەسەر داوای خۆشی بوو. مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئەڵێت. تاخاوەنماڵ دزی گرت دز خاوەنماڵی گرت. وەک لەوتارێکی پێشوترمدا ڕوناکیم خستەسەر ئێستا جاشیەتی وسیخوڕی کردن بۆدوژمنانی کورد بەهۆی سایتەکانی ئەتەرنێتەوە گۆڕاوە بە ئاخر مۆدێرن سەید سیخوڕیش یەکێکە لەو سیخوڕە مۆدێرانە.

دیارە ئەزانێت جەنابی کاک مەسعود بارزانی وبنەماڵەی بارزانی پیرۆز پێیان شەرمە وەڵامی ئەو گەجەرو گوجەرانە بدەنەوە و دەم لەدەمی کەسانی جاشوسیخوڕو خەڵکی واهەرزان بنێن بۆیە جەنابی سەید سیخوڕ کەلەوە دڵنیایە وابەبێباج هەر چی پلان ونەخشەی داگیر کەرانی کورستانە لەدژی سەرکردەو کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لەسایتی ئیتلاعاتپۆستدا ئەنوسێت وبەلەغاوەیدا دێتە خوارەوە. دەنا کەسی واهەرزان چۆن وبەچی یاسایەک درۆبوختان وهەڵبەستراوی وا ئەنوسێتو بڵاوی ئەکاتەوە دژی بەڕیزترین وجەربەزەترین ودڵسۆزترین سەرکردەی نەتەوەکەمان.

لەلایەکیتر جەنابت بەنیازیت بەو پاشاڵە پیسەوە بێیتەوە کوردستان ببیت بەمامۆستای زانکۆ ئای کەگوناحی. ئەبێت پێت بڵێم ئەینەیخۆی تاڵە تازە ئەو کوردستانە ڕۆشت کە جاشو سیخوڕی وەک تۆ تێیدا جێگای ببێتەوە. ئەبێت پێت بڵێم تارۆژی دادگایی کردنت لەکوردستان بەنیازی دیدار. . .

جمال فتاح
2005/10/4